شاعیری گەورەی گورجستان ڕۆستاڤیلی

(کورد لە داستانەکەی ڕۆستاڤیلی)دا

محەمەد سلێمان عەباس

زانا و ئەکادیمی ڕووسی "ئۆربیلی" دەڵێت: (کاتێک دەڵێین شاعیر، یان نووسەرێک زۆر پەیوەستە بە گەلەکەی، واتە شاعیری گەلە، ئەوە سێ شاعیر دێتەوە یادمان، ئەوانیش بریتین لە، فیردەوسی ئێرانی، ڕۆستاڤیلی گورجی، ئەحمەدی خانی کورد).(١)

شۆتا ڕۆستاڤیلی دیارترین و گەورەترین شاعیری جۆرجیایە و شوێن و پێگەیەکی دیاری لە کولتوور و ئەدەبیاتی جۆرجیدا هەیە، تەنانەت بە شاعیری نەتەوەیی جۆرجیا دادەنرێت.

ئەم بەها و پێگەیەش بۆ داستانە شیعرییەکەی ڕۆستاڤیلی دەگەڕێتەوە کە بە (سوارچاک لە پێستی پڵنگدا) ناو دەبرێت.

ڕۆستاڤیلی لە داستانەکەیدا، وەک نووسەر و شاعیرانی سەدەکانی ناوەڕاست، پاڵەوانێکی خاوەن هێزێکی لە ڕادەبەدەر و خورافی دانەهێناوە، بەڵکو پاڵەوانی داستانەکەی کەسێکی واقعییە، بەڵام ژیر و کارامەیە و توانایی هەیە بەسەر دوژمنانیدا سەرکەوێت، هەروەها لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکەی یەکگرتووبێت.

سەردەمی ژیانی شاعیر:

ڕۆستاڤیلی لە چاخی زێڕینی جۆرجیادا ژیاوە، کە ڕێنیسانس و شۆڕشی هزری تەنیا لە بواری ئەدەبدا نەبوو، بەڵکو لایەن و بوارەکانی دیکەشی گرتبووەوە. جۆرجیا لە سەردەمی شاژن (تامار)دا، گەشە و پێشکەوتنێکی دیاری بە خۆیەوە بینی، بە تایبەتی لە بواری ژیاری و تەلارسازیدا. شاژن (تامار) بە پتەوکردن

و چەسپاندنی دەسەڵات و دابینکردنی ئارامی و ئاسایشی وڵاتەکەی نەوەستا، بەڵکو لە هەمان کاتدا بایەخی بە کولتوور و ئەدەب و فەلسەفەدا، ئەوەبوو لە سەردەمی ئەودا دوو فەیلەسووفی وەک: (یوحنا بیرتسی و ئارسین ئیخالتوالی) دەرکەوتن، هەر لەو سەردەمەدا، سێ ئەکادیمیای زانیاری دروستبوون، هەر لەو سەردەمەدا نووسەر و ئەدیبان ئاشنای ئەدەب و کولتووری ئێرانی و ئیسلامی بوون و بزاڤی هزری و فیکری چالاک بوون، هەروەها لەلایەکی دیکەوە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی کولتووری یۆنانی و فەلسەفەی کۆن درا، بۆیە لەو سەردەمەدا کتێبخانەی دەوڵەمەند بوو و هەندێک لە ئەفسانە و داستانە ناسراوەکانی ئێرانی بۆ سەر زمانی جۆرجی وەرگێڕدران، وەک: داستانی (وەیس و ڕامین) و داستانی (ئەمیران کوڕی داریجان)، هەر لەو سەردەمەدا داستانە بەناوبانگەکەی ڕۆستاڤیلی (سوارچاک لە پێستی پڵنگدا) دەرکەوت. ئەم داستانە بە هۆی هۆنینەوە جوان و پتەوەکەیەوە، بوو بە داستانێکی ناوازە و نەمر. زانیارییەکی زۆر لە بارەی ژیان و کەسایەتی (شۆتا ڕۆستاڤیلی) لە بەردەستدا نییە، چونکە ئەو شەڕ و ئاشووبانەی دوای نەمانی شاژن (تامارا) دووچاری وڵاتی جۆرجیا هاتن، بوونە هۆی نەمان و لەناوچوونی ئەو نووسین و بەڵگەنامانەی سەبارەت بە ژیانی (ڕۆستاڤیلی) هەبوون، تەنیا هەندێک زانیاری و ئاخاوتنی میللی لە بارەی ژیانی ئەو شاعیرە مەزنە ماوەتەوە، کە گوایە (شۆتا) لە گوندی (ڕۆستاڤی) لە هەرێمی (مسخیتی)ی جۆرجیا لە دایک بووە، بۆیە ناوی گوندەکەی بووەتە نازناوی ئەو شاعیرە مەزنە. هەروەک زانراوە (ڕۆستاڤیلی) لە نیوەی دووەمی سەدەی دوازدە و نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدە (١٢-١٣)دا، ژیاوە. بە گوێرەی زانیارییەکان ڕۆستاڤیلی پایەیەکی بەرزی لەلای شاژن (تامارا) هەبووە، تەنانەت سەرپەرشتیاری گەنجینەی دەوڵەت بووە.

وا زانراوە کە ئەم شاعیرە گەورەیە دوا تەمەنی ژیانی خۆی لە دوورە وڵات لە دێری (خاچی پیرۆز) لە شاری قودس بەسەربردووە و هەر لەوێ مردووە.

بابەتی داستانەکە: داستانەکە بە ڕوونکردنەوەی هەندێک بابەتی گرنگ بە ژیانی مرۆڤ دەست پێ

ڕۆستاڤیلی

دەکات، دواتر مەبەست و هۆکاری دانانی داستانەکە باس دەکات و دەخاتە ڕوو، پاشان مەدح و پەسنی شاژن (تامارا) و مێردی شاژن دەکات، ئەوجا دێتە سەر باسکردنی شیعر و جۆرەکانی، دوای ئەوە باسی عیشق و ئەڤین دەکات، لەم باسەدا پێناسە و ئامانج و مەرجەکانی خۆشەویستی باس دەکات و دەخاتە ڕوو.

ڕۆستاڤیلی لە دەسپێکی داستانەکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بابەتی داستانەکەی لە حیکایەتێکی کۆنی فارسی وەرگرتووە، کە بەسەرهات و ڕووداوەکانی حیکایەتەکە لە وڵاتی هیندستان ڕوویان داوە ناوەڕۆکی حیکایەتەکەش بەند و پەیوەستە بە خۆشەویستی و سوارچاکی کە تێیدا جەخت لە مێرخاسی و جوامێری سوارچاکان کراوەتەوە.

لە داستانەکەی (ڕۆستاڤیلی)دا دەبینین کە شا (ڕۆستڤان) واز لە ئەرک و فەرمانڕوایی دێنێت بۆ کچە تاقانەکەی خۆی کە ناوی (تیناتین)ە، یەکسەر بیر و هزرمان بۆ شاژن (تامارا) دەچێت کە باوکی ئەویش تەختی فەرمانڕوایی بۆ (تامارا)ی کچە تاقانەکەی جێ هێشت، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆستاڤیلی لە چیرۆکی داستانەکەیدا مەبەستی (تامارا) بووە و مەبەستی خۆی لە ڕێگەی حیکایەتە فارسییەکەوە باس کردووە، واتە ئەو بەسەرهاتانەی لە داستانەکەدا باس کراون لە دانانی خودی (ڕۆستاڤیلی)ن، چونکە

توێژەرانی داستانەکەی ڕۆستاڤیلی، چیرۆکێکی لەو شێوەیەی کە ئەو باسی دەکات، لە کولتووری ئێرانیدا بەرچاو نەکەوتووە.

وا دەردەکەوێت کە ڕۆستاڤیلی کاریگەری چیرۆکە شیعرییەکانی ئەویندارە دێوانەکانی لەسەر بووبێت کە لە ئەدەبی فارسیدا هەن، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە کەسایەتییەکانی ڕۆستاڤیلی لە کەسایەتییەکانی ناو حیکایەتەکانی دیکە جیاوازن، بۆ نموونە دوو ئافرەتی ناو داستانەکەی، کە ناویان (نستان) و (تیناتین)ـە، وەک ئافرەتانی حەرەمسەرا حسێب نەکردووە، یان دوو ئافرەنی چەوساوە و ژێر دەست دانەناوە، بەڵکو وەک دوو ئافرەتی ئازا و بوێر وەسف کردووە، کە توانایی بڕیاردانیان هەیە و بە تەواوکەر و هاوشانی پیاو دانراون، ئەوەش لە چوارینەیەکدا لە داستانە نەمرەکەی دووپات کردووەتەوە، کە تێیدا هاتووە: شێر شێرە، چ نێر بێت، یان مێ.

ڕۆستاڤیلی لە داستانەکەیدا، ڕاستی و خەیاڵی ئاوێزان و تێکەڵی یەک کردووە و بە چاوپێداخشانێکدا خوێنەری لاپەڕەیەک بۆ لاپەڕەیەکی داستانەکە، لە پیشاندانی وێنەی دڵڕەقی و زەبروزەنگی سوارچاک و شەڕکەرەکان، دەچێت بۆ دیمەنی تابلۆی ڕۆمانسی و ژیانی کۆشک و پەریزادەی خەیاڵ. لە هەمان کاتدا ڕەوشی سیاسی لە تەک ئەم تابلۆیانەدا داناوە و خستووەتە ڕوو، لەلایەکی دیکەوە نموونەی باڵای هاوڕێیەتی ڕاستەقینەی خستووەتە ڕوو. ڕۆستاڤیلی لە داستانەکەیدا لە میانی باسکردنی شەڕ و سەرکەوتنەکان لە پێناو وڵاتدا، یان خۆشەویستەکەیدا، باسی ڕەفتاری مرۆڤی کردووە، چونکە داستان و چیرۆکی سوارچاکی ڕێگایەک بووە بۆ چاککردنی ڕەفتار و ئاکاری چەوت.

ڕۆستاڤیلی تەنیا یەک وێنەی نەنەخشاندووە، بەڵکو لە هەر وێنەیەکدا مەبەستی بووە شتێک پیشان بدات، بۆ نموونە لە داستانەکەیدا کاتێک کە (ڕۆستڤان) گەورە پیاوانی وڵاتەکەی کۆکردەوە و ڕاوێژی پێ کردوون لەمەڕ بابەتی ڕادەستکردنی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات بۆ کچەکەی، ئەمە بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو مەبەستی بووە ئەوە بڵێت کە پێویستە فەرمانڕەوا دەبێت پەیڕەوی سیستمی ڕاوێژکردن بێت و پرس بە گەورە پیاو و دەستەبژێری وڵاتەکەی بکات لە کاروباری وڵاتەکەی و فەرمانڕەوایی.

ڕۆستاڤیلی لە داستانەکەیدا لە چەندان شوێندا بابەت و مژاری چاکە و خراپەی باس کردووە و جەختی لەوە کردووەتەوە کە چاکە بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوە، بەڵام خراپە و خراپەکاری تەمەنیان کورتە و زوو لە ناو دەچن، هەروەها جەختی لەوەش کردووەتەوە کە خێر و چاکە لەلایەن خوداوەیە، بەڵام خراپەکاری لە لایەن مرۆڤەوەیە.

ڕۆستاڤیلی پاڵەوان و کەسایەتییەکانی داستانەکەی:

(فتارییل، ئەفتاندیل، تیناتین، نستان، ڕۆستڤان) بە خۆر چواندووە و شوبهاندووە، جا لەبەر ئەوەی پێی وابوو (خۆر) سەرچاوەی بوون و ژیانە، بۆیە پاڵەوانەکانی بە خۆر چواندووە، بۆیە هەندێک توێژەر بڕوایان وایە کە ڕۆستاڤیلی ئەمەی لە ژێر کاریگەری زەردەشتیدا بوو.

هاوڕێیەتی لە داستانەکەی (ڕۆستاڤیلی)دا: هاوڕێیەتی تەنیا پێوەندییەکی سادە و ڕووکەش نییە، بەڵکو پێوەندییەکی قووڵ و جەوهەرییە و وەک پێویستییەکی سەرەکی ڕەگی خۆی لە ناخی مرۆڤدا داکوتاوە و نمایندەی باڵاترین تەرزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، واتە مرۆڤ بوونەوەرێکە ناتوانێت بێ هاوڕێ بژی و لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا هاوڕێیەتی ڕووبەر و پانتاییەکی گرنگ داگیر دەکات، بۆیە لای ڕۆستاڤیلی هاوڕێیەتی ڕاستەقینە و ئەڤینداری پاک پێگەیەکی سەرەکی لە پێوەندی نێوان مرۆڤەکان هەیە. کاتێک هاوڕێیەتی لە نێوان (تارییل و ئەفتاندیل) پەیدابوو، ئەفتاندیل قوربانی بە پارە و سامان و پێگەی خۆی لای شا (ڕۆستڤان)دا و پێی لە دڵ و جەرگی خۆی نا لە پێناو برادەر و هاوڕێیەکەی، ئەفتاندیل ئەو کارەی لە پێناو دەسکەوت و پارە نەکرد، بەڵکو لە پێناو هاوڕێیەتی ڕاستەقینە و ئاسوودەیی ویژدانا کردی.

هەروەها ئەو هاوڕێیەتییەی لە نێوان (تارییل) و (عیسمەت)دا هەبوو، نموونەی باڵای هاوڕێیەتی بوو.

ڕۆستاڤیلی لە داستانە شیعرییەکەیدا، تەعبیر و لەیەکچوون و خوازەی جۆراو جۆر بەکاردێنێت، وەک: گوڵ، خونچە، دوو مرواری، یاقووت، قەلەڕەش،.. ئەمەشی وەک جوانکاری و پێویستییەکی شیعر بەکارهێناوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هزر و ڕوانینە گرنگەکانی ڕۆستاڤیلی بکەین کە بە گوێرەی سەردەمی

ئەو، ڕوانین و هزرێکی پێشکەوتنخواز بووە.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە داستانە نەمرەکەی ڕۆستاڤیلی (سوارچاک لە پێستی پڵنگدا) بۆ چەندان زمانی جۆراوجۆر وەرگێڕدراوە، وەک: ڕووسی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، عەرەبی.

کورد لە داستانەی (ڕۆستاڤیلی)دا:

ڕۆستاڤیلی لە داستانەکەیدا، لە دوو شوێندا باسی کوردی کردووە، یەکەمیان، لە چوارینەیەکدا لە بابەتی چاوپێکەوتن لە نێوان (تارییل) و (ئەفتاندیل)دا، کە تێیدا هاتووە:

تاکو ئێستا کەسم نەبینی شتێک لە بارەی تۆ بزانێ
تا ئەو کاتەی "کوردەکانم" بینی کە ویستیان بتدوێنن
تۆش گورزەکەت لە یەکێکیان وەشاند و نیوە مردووت کرد
داماوەکە بە ئازارەوە دوا هەناسەی دەدا. (٢).

هەر لەم بابەتەدا لە چوارینەیەکی دیکەدا هاتووە:

تارییل دەڵێت:

بە خێراتر بە چاو تروکانێک، کە مرۆڤ ئەیتروکێنێت
لەو کەسانە دەربازبووم کە چاوەڕوانی خێراییان لێ ناکرێت
هەرچی سەبارەت بە "کوردەکانیشە" دڵم بە زەیی پێیاندا نایەتەوە
چونکە ئەوان هەڵە بوون بەرانبەر من و کەم لە منیان ڕوانی (٣).

هەروەها لە بابەتی: چیرۆکی نستان داریجان

لە چوارینەکەدا باسی جەژنی نەورۆز دەکات، تێیدا هاتووە:

وەک باوە لەم شارەدا لە ڕۆژی نەورۆزدا
کەس ناچێتە بازرگانی و کەس سەفەر ناکات
هەموو خەڵکەکە جوانترین جلوبەرگ دەپۆشن
میرەکانیش خوانی ڕازاوە ئامادە و سازدەکەن (٤).

لە کۆتایی داستانەکەیدا، ڕۆستاڤیلی باسی بوێری و کارە باشەکانی (داڤید)ی مێردی شاژن (تامارا) دەکات، هەروەها جەخت لە بێهوودەیی ژیان و تەمەن کورتی مرۆڤ لە دنیادا و غەدری زەمەن و ڕۆژگار دەکات.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- الفارس في اهاب النمر- شوتا ڕوستافيلي- ترجمة، نزار خليلي، دمشق، ١٩٨٤، پێشەکی وەرگێڕ، ل٨٥، ل٨٦، ل٢٨٥.

٢- احمدى خاني، شاعرا و مفكرا، متصوفاً وفيلسوفاً، د. عزالدين مصطفى رسول، بغداد، ١٩٧٩ ل٩.